حەماس پێشوازی لە پەسەندکردنی پرۆژەبڕیاری ئاگربەستیی غەزە دەکات



بزووتنەوەی حەماس پێشوازی لە پەسەندکردنی پرۆژەبڕیاری ئاگربەستیی دەستبەجێی غەزە دەکات، کە ئێوارەی ئەمڕۆ ئەنجوومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی پەسەندی کرد و ئامادەیشی بۆ ئازادکردنی بارمتە ئیسرائیلییەکان لەبەرامبەر ئازادکردنی گیراوە فەڵەستینییەکان دەربڕی.

بزووتنەوەی حەماس لەمیانەی راگەیەندراوێکدا دەڵێت، جەخت لە ئاگربەستی هەمیشەیی لە کەرتی غەزە دەکەینەوە، کە دەبێتە هۆی کشانەوەی ئیسرائیل لە تەواوی کەرتی غەزە و گەڕانەوەی ئاوارەکان.

هەروەها بزووتنەوەی حەماس لە راگەیەندراوەکەیدا رووونیشیکردووەتەوە، ئامادەین بۆ ئاوگۆڕی بارمتە ئیسرائیلییەکان لەبەرامبەر ئازادکردنی گیراوە فەڵەستینییەکان.

حەماس داواشی لە ئەنجوومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی کرد، فشار بخاتەسەر ئیسرائیل، تاکو

کەمەکووژییەکانی لە کەرتی غەززە بوەستێنێت.

پرۆژەبیارەکە لەلایەن هەشت ئەندامی ناهەمیشەیی ئەنجوومەنی ئاسایشی نەوەدوودوو پشکشکرابوو کە بریتین لە وڵاتەکانی (جەزائیر، ماڵتا، مۆزەمبیق، گویانا، سلۆڤینیا، سیرالیۆن، سویسرا و ئیکوادۆر)، هەرچەندە رۆژی هەینی (22ـی ئاداری 2024) ئەنجوومەنی ئاسایشی نەوەدوودوو، سەبارەت بە پڕۆژەبیارەکی ئەمریکا لەبارەی دۆخی غەززە کەبووەوە بەڵام رووسیا و چین پڕۆژەبیارەکەیان ڕەتکردەوە (ڤیتۆ).